# ویناکردنی کۆمەڵ – ژن
# لە کۆدەکانی شۆڕشی زانیاری و پەیوەندیکردندا

✍ کازیوە ساڵح

**(زانست و تەکنیك دووفاکتەری بیانووی هەیمەنەن و زانست و تەکنەلوژیای سەردەم بەربەریەتێکی هاوچەرخن لە مرۆڤدا)**

**هابرماز**

ئەم سالآنەی دوایی زاراوە کانی شۆرشی تەکنەلوژی و زانیاری و پەیوەندی کردن و ریسا دانان, زۆربەی کەناڵە جیهانێکانی گرتووە و بە شیوەی خیرا و تیژڕەویش لە سەرجەم کەناڵە ناوخۆی و دەرەکی و بوارارەکانی ژیانی جیگیر بووە و مشت و مڕی سەردەمی لەسەر دەکریت.

هەڵبەت زاراوەی بە جیهانی بوونیش پەیوەستە بەو جیهانی پیشکەوتنەوە, هەر وەکو فوکویاما دەڵی:

بە جیهانی بوون ئەمڕۆ دیاردەیەکی نکوڵی لێنەکراوەو لەسەر سێ بنەما بەندە کە ئەمانەن:

1_تەکنەلوژیای زانیاریو پەیوەندی کردن .

2_ئازادی بازرگانی نیو دەوڵەتی .

3_فراوان بوونی بازاڕە جیهانیەکانی .

وەکودەبینین فوکۆ یەکەم خاڵ ئاماژەی بە شۆرشی زانیاری و پەیوەندی کردوە, کە دەتوانین بڵێن خاڵی یەکەم لە ئاماژەکانیدا بووە بەهۆی جۆریك لە (تكامل) تەواو کارو فەراهەم هێنەری نیوان بازاری ئازادو بەرزبوونەوەی کەرتە ئابووریەکان پاش رزگار بوونیان لە سیستمە حکومیەکان .

هەریەك لەو دووزاراوەیە (زانیاری وپەیوەندی )کردن کاریگەرو کارلێکراوی خۆی هەیە و بە چەندین قۆناغی جیاوازدا تێ پەریون, ئەگەر بەجیا پێناسەی هەریەك لەو چەمکانە وەربگرین, ئەوا دەکرێ هەریەك لە پزیشککاران و بازرگان و کەسانی عەسکەرتاریەت, پێناسەی خۆیان هەبێت بۆ ئەو چەمکانە و تایبەتمەندی پیشەکەی خۆیانی بدەنێ, وەکو ئەوەی لایان وابێت کۆمەڵی داتای پزیشکی یان سەربازیو ...تاد_یە ,چونکە لای هەریەکەیان بەهاونرخێکی نکولی لێ نەکراوی هەیە, بە ڕادەیەك ئەگەر نەڵێین سەراپای کارەکانیان ئەوا بێ گومان نیوەی سەرکەوتنی کارەکانیان پابەندە بەڕاست و دروستیو بەهێزی ئەو بڕە داتا و جەمە زانیاریە, کە تەکنەلوژیا هۆکاری سەرەکی جێبەجێ کارو مەیسەر بوونی ئەو ڕەوتەیە .

**<u>چەمکی زانیاری:</u>**

زانیاری دەرئەنجامی ئەو هاوکێشە سەلمێنراوانەیە کە متمانە دەخاتە سەر ڕەگەزە سەرەتاییەکانی زانیاری خۆی ئەویش (داتایە). هەڵبەت چەمکی زانیاری وزانست دووفاکتەری لێك جیاوازن و زانیاری دەرئەنجامی کاری زانستە, بەڵام زانست خۆی. دەرئەنجامی تێکەڵاوبونێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی نێوان زانیاری و پسپۆڕی کەس و ئەوانەی درکی پێ دەکرێت, چونکە مرۆڤ کە زانیاری وەردەگرێت تێکەڵاوی دەکات بەوەی لە هزرو ئاوەزی خویدا هەیە لەگەڵ ئەوانەی بە ئەزموونی ژیان فێری بووە .ئەمە لە کاتێکدا دەتوانین بڵێین زانیاری دەرئەنجامی چارەسەر کردنی کۆمەڵی داتایە لە رووی ڕێکخستن و شیتەڵ کردنەوە. بەم پێیەش دەتوانین بڵێن. داتا: ئەو کۆمەڵە کەرەستە خاوەیە کە بنەماکانی زانیاری لەسەر بنیات دەنرێت, زانیاری لێ بەرهەم دەهێنرێت , واتایەکی تر .

داتا: چەند تێبینیەك یان خەسڵەتێکی پێوراو تۆمارکراوی شتێك یان ڕوداوێکە بۆ نمونە کە دەڵێین ئاداری ساڵی 1991 ڕاپەڕین بوو یان (8)ی مارس (5000) هەزار ژن بەشداری ڕێپێوانی جەژنی ژنانیان کرد, ئەمانە داتان و هەڵگرتن و پاراستنی ئەو داتایانەش بەپێی کۆمەڵێ پرۆگرامی ڕەچاوکراو لە تۆمارگە (سجلات) یان کۆمپیوتەردا ئەوەش ڕێسای داتایە (قواعد البیانات), کاتێکیش ئەم داتایانە بەڕێگە جۆراوجۆرەکان دەسەلمێندرێن، پەیوەندی چارەسەرکردنەش پەێی دەگوترێ زانیاری, وەکو ئەوەی بڵێین ڕێژەی دەرچووانی زانکۆی سلێمانی ئەمساڵ 97٪, ئەمانەش هەمووی بە پەێی سروشتی پراکتیکی و ئاستی پسپۆڕی دەکرێت, هەربۆیە بەڕێوەبردنی سەرکەوتو بایەخی زۆری پێ دەدات, بە ڕادەیەك دەتوانین بڵێین هەموو ئەو بڕیارە ئیداریانەی کە دەدرێت لە 80٪ متمانە، متمانە دەخاتە سەر زانیاری و 20٪ متامنە دەخاتە سەر ڕای کەسی یان ئەزمونی خەڵکانی پسپۆڕ.

بێگومان ئەو سیاسەتەی پێشکەوتنی زانیاری بەڕێوە دەبات, بەکارهێنانیەتی بەگشتی و پرۆگرامی بەندەکانی زانیاریش بە تایبەتی ڕەگەزی سەرەکین لە ستراتیژی زانیاریدا, کەوتنیش لە بواری زانیاریدا و تەنانەت زانستیشی لەوانەیە ببێت بەهۆی دروست بوونی بڕۆ, بەڵام ئەو سەرکەوتنە زۆر نابوت و هەڵوەشاوەیە, هۆی سەرەکیش ئەوەیە کە زانست وەکو هۆکارێك جیاوازە لەگەڵ سەرجەم هۆکارەکانی تردا گەرچی هەردولاش دەتوانن بەکاری بهێنن, کەواتە ئەو پرۆسانە بە شێوەیەکی ساکار دەتوانین بچنە نێو سەرچاوەکانی زانیارییەوە بە پشتگیری جیا, بەشێکی دیاری کراوی ئەو زانیاریانەش دەتوانرێت بەهای زیاتری ستراتیژی و تەکنیکی بدرێتێ, لەوانەیە بەند کردنیشی ببێت بە هۆی کەوتنەوەی کارەسات, چونکە زانیاری لە کۆمەڵێ ڕەگەزی مرۆیی و ماتریالی و ئابوری پێك هاتووە, کە نیشاندان و چارەسەرکردنی ئەو زانیاریانە لە خۆیاندا بەرجەستە دەکەن, ئەو سیستمەش بووە بە پشتەکی ئەو ڕۆشنبیری زانیاریەی کە سیستمی کۆمپیوتەر و هێڵەکانی پەیوەندی کردن و نوسینگەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن, ئەمە لە کاتێکدا پێویستە جیاوازی نێوان زانیاری هۆکارەکانی پاراستن و هەڵگرتن و مامەڵە پێ کردنی و هەموو هۆکارەکانی کۆمپیوتەر بکرێت, چونکە لەم سەدەیەدا زاراوەی زانیاری دوو فاکتەری ڕیشەیی دەگرێتەوە, یەکەمیان زانیاری دەرامەتی ئابوریە کەرەستەی خاو سەرمایەی هەیە, دووەمیان زانیاری کاڵایەکی ئابوریشە, واتە ئەو شۆڕشە پەیوەندی هەیە بە بواری وزە و بەرهەم هێنان و کەرەستەی خاو بواری دۆزینەوە بایلۆژیەکان و هەروەها سەرجەم بەرهەمە

ئاژەڵـی و کشـتوکاڵی و پیشەسـازیەکان, گەرچـی ئەوانـە بـواری ترن بەڵام هەریەك لەوانە پێویسـتی بـە دۆزینەوە و داهێنان هەیە کە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگای زانیاری جێ بە کۆمەڵگا پیشەسـازیەکان لێژ دەکات و جێگەیان دەگرێتەوە. ئەمەش مانای ئەوە نیە زانیاری پیشەسازی دەسـڕێتەوە, نەخێر, بەڵکو گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی تێدا دەکات, وەکو ژەندنیە گۆڕانی زانستی و پێشـکەتووی تـێدا دەکات, چونکە بە جیاوازی هەردوو شۆڕشی بازوو هەبوو, زانیاری پێویستی بـە هـزرەو مـتمانە دەخاتـە سـەر هێـزی ئاوەز (عقل) و بیر و ڕۆشنبیری, لەلایەکی دیش ئەو داهێـنانە کاریگـەریان هەیـە بۆ سەر کۆك کردن و ڕێکخستنی سیماکانی بەرهەم هێنان, لێرەدا ئەرکـی زانـیاریش ئەوەیـە بتوانین بڵێین کۆنترۆڵی دووبارە بونەوەی ئەو شێوە وێنا کردنانەی بەرهـەم هێـنان بکات,... هەر لێرەشەوە دەتوانین بڵێین ڕێکخستنی سەرجەم کۆمەڵگا لەسەر ئـەو وێـنە بەرهـەم هێنراوانە وەستاوە, کە دەکرێ لە بەرژەوەندی ئەو وێناکردنانەشدا بێت, هـەروەها ئـەمین دەڵـێ: بنـیاتە کۆمەڵایەتـیەکان دەرئەنجامـی ئەو شۆڕشە تەکنەلۆژیەی ڕابردوون, بۆیە هەردەبێ ئەویش بێزار بێت.

بۆنمـوونە پـێکهاتەی ئەو سیستمە کلاسیکیانەی ئێمە پێی ئاشنا بووین وەك سیستمی بەڕێوەبـردن و دەزگـا بەرهـەم هێـنەرەکان و هەرەمی تێکۆشان و لێپرسراوێتی و بۆیە هەموو دەزگا و دامەزراو کۆمپانیایەك پێویستە ڕەچاوی ئەرکی گرنگ بکەن ئەوانیش.

-مۆڵکداریەتی

-دابەشکردن

-چارەسەرکردن

-پارێزگاری کردنی لەو زانیاریانەی کە ڕایەڵێکی نهێنی لە نێوان ئەوان موونافیسەکانیاندا.

## چەمکی پەیوەندی کردن:

ئـەو هـۆکارانەیە کـە نێرەر بەهۆیەوە یان لەڕێگەیەوە پەیامەکەی دەگەیەنێت بە وەرگر و کاریگـەری لەسـەر دادەنـێت, ئـیتر دەکرێ لەڕێگەی کەسێیەوە بێت, یان هەر هۆکارێکی تری پەیـوەندی کـردن بێت, لەوانەیە لەوڵاتە دواکەوتوەکاندا هۆکاری سەرەتایی بێت, جۆرێك بێت لـە پەیـوەندی زمان یان لە ڕێگەی ڕادیو و تەلەفزیۆن و تەلەفۆن و فاکس و.. تاد, هەتا مانگی دەسـت کـرد و هێڵـی لاسلکی و کۆمپیوتەر و بەو دواییەش داهێنانی ئینتەرنێت بوو بە هێڵی بەهێز و سەرەکی پەیوەندی کردن, لێرەوە دەتوانین بڵێین داهێنان لە ڕێگەی پێویستیەوە دێتە ئاکام, بۆشایی نێوان پێویستی و داهێنانیش گەشەکردن و گۆڕینەوەی خێرا و زۆری زانیارییە.

## مێژووی زانیاری پەیوەندی کردن:

مێژوویی زانیاری هەزاران ساڵ پێش دۆزینەوەی کۆمپیوتەر و هەموو ئامێرە ئەلکترۆنیەکانی تر کەوتووە, سۆمەریەکان یەکەم کەس بوون داتایان لای خۆیان تۆمار کردووە و بەر لە (6000) ساڵ فێری ڕەمزدانانی چەمکەکان بوون و پاشانیش ڕەنووسی قوڕ دۆزراوەتەوە.

هـەروەها میسـریە کۆنەکانیش لەسەر گەڵای زەل زانیاریان تۆمار کردووە و هەر ئەمەش لە دوایـدا کـار ئاسـانی بـۆ ڕۆشـنبیری چاپەمەنی کرد, ئەویش وەکو فاکتەرێکی پەیوەندی, بە

شێوەیەکی چڕ و لە کاتێکی خێرادا زانیاری بڵاو کردەوە.

ئەمــە جگــە لــەوەی جەنگــی جیهانی دووەم بەهێزترین کاریگەری لەسەر ئەو مەسەلەیە هەبــوو، وە دوای جەنگــی جیهانــی گرنگــی چەمکی زانیاری بەشێوەیەکی فراوان لە بوارەکانی پزیشــکی و زانســتی و ئەندازیاری و بەڕێوەبردن و تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەشدا بە شێوەیەکی ســەرەکی ڕەنگــی دایەوە، دۆزینەوەی چارەسەر و سەلماندنی ئەو زانیاریانەش وەکو شۆڕشی پیشەســازی ڕەوشــتێکی نــوێ بوو بۆ زۆربەی وڵاتان، هەر ئەو شۆڕشی پیشەسازیەش گۆڕانی گــەورەی لــە ژیانــی هەندێ لە نەتەوەکان و تاکدا فەراهەم هێنا، چونکە لە سەرەتای سەدەی نــۆزدەدا ئەو نەتەوەی بەهاو نرخی شۆڕشە پیشەسازیەکەی نەزانی یان نەیتوانی سوودی لێ ببــینێ و نەیزانی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، چوونە پاشکۆی پێشکەوتن و کاروانی دواکەوتنەوە، چــونکە گــریمانەی گەشەســەندنی هــەر پرۆژەیەك و پێشکەوتنی هەر وڵات و نەتەوەیەك لە مــیانەی چــۆنیەتی مامەڵە کردنەوە دەبێت لەگەڵ گۆڕانکاریە گەورەکانی جیهاندا، بە بەڵگەی ئەو وڵاتانەی پاش شۆڕشی پیشەسازی توانیان لە دواکەوتوێتی دەرچن ئەوانە بوون کە زانیان مامەڵــە لەگەڵ ئەو ڕەوتە بکەن و چارەسەری زانیاری بدۆزنەوە، هەروەها لە پەیوەندی کردن و زانــیاری گەیاندنیشــدا هــونەر ڕۆڵێکــی بــاڵا و پۆزەتیفــی گێراوە لە ئەوروپا و لە سەدەکانی ناوەڕاســتدا، بــۆ نمــونە هونەری بیناسازی دەرئەنجامی دەسەڵاتی کەنیسە پێشکەوتنی بە خــۆوە بینــی ئــەویش لــە ڕوانگەی ڕازی کردنی دڵی پاشاکان و پاپاکانی ئەو کاتەو بە دروست کردنی کەنیسە و ڕازاندنەوەی بەو نەخش نیگار و هێمایانەی کە زۆر زانست و زانیاری و هونەری دەگەیانــد بــە خەڵك بەڵام تەنها ڕێگە بۆ پەیوەندی کردن و گەیاندنی ئەو زانیاریانە کەنیسە بــوو، چونکە کۆمەڵگا ئەو هونەرەی وەر نەدەگرت ئەگەر لە ڕێگەی ئەو سیستمەوە نەبوایە کە باوەڕی پێیەتی، ئەو کاتەش سیستمی مەزهەبی و کەنیسە لە هەموو سیستمێك زاڵتربوو.

گەرچــی پەیــوەندی مێژوویەکــی لە مێژینە تری هەیە لە مێژووی پەیوەندی کردن لە ڕێگەی هونەرەوە، کە سەرەتای مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بوونی ئاشنایەتی و جێگیربونیان لەســەر زەوی پــێکەوە ژیانــیان لــە شێوەی یەك ناوچەیی و یەك ماڵیدا و ئاگاداری لێك ڕایان جۆرێك بووە لە پەیوەندی کردن و زانیاری گۆڕینەوە.

هــەروەها میســریە کۆنەکانــیش دەنگ و باس و هەواڵ و زانیاریان لەسەر خشت و دیوار و پێســتی ئاســك هــەڵ ئەکۆڵی و لە کاتی مردنیشیاندا لەگەڵ تەرمەکانیاندا ئەو کەرەستانە و هەمــوو خشــڵ و زێــڕ و زیوەکانــیان دەخرانە گۆڕەوە، هەر بۆیە مێژووی کۆن و زانیاری کۆن بە شــێوەیەکی بــاش پارێــزران و پــاش سەدان ساڵ کە گۆڕەکان هەڵدەدرانەوە زانیاریەکانی تێدا پارێــزرا بــوون و ئەو گۆڕو خشت و کەرەستانەی کرابوون بەهۆکاری پەیوەندی کردن ... چەندین هــۆکاری تــر هەبــوون بــۆ پەیوەندی کردن و مێژووی پەیوەندی کردنیش بە قۆناغی جیاواز دا تێــپەڕیوە کــە لە ڕاگەیاندن و شۆڕشی زانیاریدا ئاماژەی پێ دەکەین، بەڵام دەکرێ ئێستا زیاتر مەبەســت و جەخت بخرێتە سەر فاکتەرە بەهێزەکانی ئەم چەرخ و سەدەیەی پەیوەندی کردن و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ مۆدێرن ترین هۆکاریاندا.

## شۆڕشی زانیاری و پەیوەندی کردن و داهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت:

کۆمپــیوتەر دەچــێتە نێو کەرەستەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی کردنەوە , کە تەکنەلۆژیای پەیوەندی کردن تەواوکەری کۆمپیوتەرە و کۆمپیوتەر خۆشی بەشێکە لەو تەکنەلۆژیایە, بەڵام ئــەو بەشــە پێشکەوتووە کە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گواستنەوە و شیتەڵکردن و چارەسەری زانــیاری, چــونکە بــرِیتیە لــەو ئامێــرەی کە کۆمەڵێ ئەرکی زۆر لە ئەستۆ دەگرێت لە بواری هەڵگــرتن و گۆرِینەوەی زانیاریدا, واتە دەزگایەکە توانای مامەڵە کردنی لەگەڵ زانیاریدا هەیە, بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا بیداتەوە.

دەتــوانین بڵــێین دۆزیــنەوە و دروســت کردنــی ئــەم ئامێرە کە لە ساڵی چلەکاندا بووە, پێشــینەیەکی رِێگــە خۆشــکار هەبــوو, کە خۆی دەدات لە نزیکەی (300) ساڵ پێش داهێنانی کۆمپــیوتەر, ئــەویش دۆزینەوەی خشتەی لێکدانی (جدول الچرب) بوو لەلایەن چۆن ناپێرەوە لە ســاڵی 1617, هــەروەها لە ساڵی 1648 لەلایەن باسکار (Baskar) دوە, ئامێرێکی میکانیکی بۆ کۆکردنەوە و لێدەرکردن دروست کرا بەناوی ئنتباك (Entibake), ئیتر بەربەرە گەشە بەم ئامێرە درا هــەتا ســاڵی چــلەکانی زامنی ئەلکترۆنی بۆ دۆزرایەوە و لە ساڵی 1946-1948 کۆمپیوتەر داهێنــرا, ســەرهەڵدانی کۆمپــیوتەریش بــە چەند قۆناغێکدا تێپەرِیوە, کە لە ساڵی 1948 دا ســەمای ئەلکترۆنیەکانــی گــرتەوە, بــۆ ئەوەی کۆمپیوتەرەکە خێراتر و پچوکتر و وردتر بێت لە ســاڵی 1964 هێندە پێش خرا کەیەك خانەی سلیکۆن لەبری چەند یەکەیەکی ترانستۆر و رِەگەزە ئەلکترۆنیەکانی تر بەکارهاتووە, لە ساڵی 1982 وە توانرا لەیەك سلیکۆندا پەنجا هەزار ( CHIP BIT) یەکــەی ســەرەتای رِەگــەزی ئەلکترۆنی جێگەی بکرێتەوە, هەتا گەیشت بەوەی لە ساڵی نەوەدەکانــدا گەورەترین و پێشکەوتن و گەشەکردن لە کۆمپیوتەر بکرێت, لە رِووی خێرا و هەموو جۆرەکانــی کــار پێکردنەوە, کە وەکو خاڵێکی تەگبیرکار کاری پێ کراوە, نەك وەکو سەرەتاکان کە تــەنها وەکــو یەکەیەکــی بیرکــاری بەکاردەهێنــرا بەڵکــو تــوانای شیتەڵکردن و رِێکخستنی و دەرئەنجامــی لۆژیکــی و چارەســەری هەرمەسەلەیەك و سەلماندنی هەر تیورێکی هەیە, ئەمە جگــە لــەوەی لــە رِووی کێشەوە بچووکتر کراوەتەوە, هەروەها هۆکاری هەڵگرتنی کۆمپیوتەر لە موگناتیــزیەوە گــۆرِاوە بۆ (چوئی) ئەویش CDیەکە (1000) هێندە بە موگناتیزیەکەیە, جگە لە گۆرِینی زمانی کۆمپیوتەر, لە زمانێکی پیشەسازی دەست کردی وەکو زمانی بەیسك و کۆبۆڵ و ... تــاد, بــۆ زمانــی ئاسایی قسەکردنی رِۆژانە, هەر ئەمەش وای کرد پاش ئەوەی کۆمپیوتەر لەلایــەن کۆمەڵــێ خەڵکــی ئارەزوومەنــدەوە, وەکــو ئارەزوویــەك بەکاردەهێنــرا, یــان وەکو کۆمپــیوتەری کــەش کە لە ساڵی هەشتاکاندا زۆرباوی بوو, بۆ دەزگا و دامەزراوی زاڵ هێز, کە ساڵانە چەندین ملیار دۆلار قازانج دەکات, واتە ئیداری و میتۆدی ئەندازیاری دەبێت, ئەندازەی کۆنترۆڵ کردنیش هێڵی یەکگرتنی تەکنەلۆژیای زانیارییە لەگەڵ واقیعدا کە داخستنەوە و ئاماژە و بــاور و دۆخی و سیستمەکە هەمووی دەکەوێتە ژێر ئەو کۆنترۆڵەوە, کە ئاشکرایە بەکار دێت لــە بــواری بیرکــاری و بــواری کــۆگا (مخــزن) لــە ناردن و هێنانی کەرەستەدا, هەروەها وەکو سیســتمێکی چاودێری بەکاردێت, جگە لە بواری نەخشە سازی و پەروەردە و رِۆژنامە گەری و لە هەمووشــیان گــرنگتر بــواری گەیاندنــی زانیاری لە رِێگەی تۆری بەستنەوەی کۆمپیوتەرەکان بەیەکــەوە, خوێــندنەوەی نەخشــەی و ئەتڵەس و هەمووجۆرە هێڵکاریەکان بەکاردێت, جگە لە بــواری نەخشەســازی و پــەروەردە و رِۆژنامەگــەری و لە هەمووشیان گرنگتر بواری گەیاندنی

زانــیاری لــە ڕێگــەی تــۆڕی بەســتنەوەی کۆمپیوتەرەکان بەیەکەوە, خوێندنەوەی نەخشە و ئەتڵــەس و هەمــوو جــۆرە هــێڵکاریەکان و ... تــاد. دووەم ئامێــری زل هێزی پەیوەندی کردن ئینتەرنێــتە, ئــەم ئامێــرە چــارەکە ســەدەیەك زیاد دەبێت بەر لە ئێستا و لە ساڵانی 1969 وەزارەتــی بەرگــری و ناوخۆی ئەمریکی تۆڕی (ئەربانێت) ی بەست بە مەبەستی بەستنەوەی زانکۆکانی ئەمریکا و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە بەیەکەوە...

ئــەو پێشــینە سەرەتایەش بەس بوو, بۆ ئەوەی پەرە بەو ئامێرە, یان دەزگا پەیوەندیە بــدرێت تــا دەگات بەو ئاستەی ئێستا، ئەنتەرنێت دەبێتە بەهێزترین و بەرفراوان ترین هۆکاری پەیــوەندی کردن و گواستنەوە و گۆڕینەوەی زانیاری لە جیهاندا, چ لە ڕووی چەندێتی کار لەسەر کردنەوە و چ لە ڕووی چۆنیەتیەوە, ئەم دەزگایە بە تەواوی دیموکراسی لە زانیاریدا بەرجەستە دەکات گەرچی هەندێ لە پسپۆران پێیان وایە کارکردن بە سیستمی ئینتەرنێت, لە پەیوەندیە هەرەمەکیەی کۆمەڵێ کۆمپیوتەر بەیەکەوە تێ ناپەڕێ, کە بە سیستمی (UNLX) کاردەکەن کە هەنــدێ جــار گەیانــدن بەیــەك لە ڕووی دزەکردنی زانیارییەوە زامن ناکرێت, لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنەرانی ملیۆنەها دەزگا و دامەزراوی بازرگانی و جاسوسی و عەسکەرییە.

هــەروەها هەبوونی تۆڕی گواستنەوەی زانیاریش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە زۆر گونجاوە بۆ گۆڕیــنەوەی زانــیاری کــە ئــەویش یان لە ڕێگەی تۆڕی پەیوەندی ناوخۆوە دەکرێ کە لە نێوان شــارێك یــان ناوچەو دەزگایەکدایە, یان تۆڕی پەیوەندی (WAN) کە بۆ مەودایەکی بەرفراوانتر بەکار دەهێنرێت لە نێوان وڵاتان و شاران و مەودا جوگرافیە بێ سنوورەکاندا بەکار دەهێنرێت.

هەمــوو ئەمانەش کەرەستەی خاوی تەکنەلۆژیان, کە بەهێزترینیان کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتە کــە لــە ڕێگــەی کارلــێك و تێکەڵاوبوونــی مرۆڤ لەگەڵ ئەو ئامێرانەدا بەڕێگەی ڕاستەوخۆ کە ڕاگەیاندن دەگرێتەوە یان ناڕاستەوخۆ شێوەی پەخش کردن دەگرێتە بەر. بەڵام گرنگترین ڕووداو کــە بــەو دوایــیە هاتــووەتە ئــاراوە تــێکەڵاو بوون و لەیەك دانی شێوازە کلاسیکیەکانە لە چارەســەرکردن و ســەلماندنی زانیاریدا, ئەم پرۆسەیەش بە وردیکی سەر سورهێنەر فراوانێکی بــە ئاســتی بــەربڵاوی زانیاریەکان ئەنجام دەدات, بە تایبەت کە تەکنەلۆژیای زانیاری لەگەڵ تەکــنەلۆژیای پەیــوەندی کــردن بەیەکــەوە دەرکــەوتن, مامەڵــە کــردنیش لەگــەڵ ئەو دوو تەکــنەلۆژیایەدا بەجــیا بــوو بەکارێکــی مەحاڵ یاخود گران, بە ڕادەیەك ئەو تێکەڵاوبوونە لە شــێوەی هۆکارەکاندا, گۆڕانێکی بێ وێنەی لە بنیاتی کۆمەڵگاکاندا هێنایە ئاراوە, بەم پێیەش کۆمپــیوتەر و ئینتەرنــێت لەو جۆرە شێوازگرتنە بەدەر نین, بەڵام پەیوەندی نێوانیان ڕواڵەتی گۆڕیــنەوەی بەرژەوەنــدی لــە خۆگــرتووە, کە هەندێ جار باسی ڕۆڵی مەترسیداری دەکرێت و پێشــبینی داهاتوویەکــی زۆر مەزنیشــی لێ دەکــرێت, هــەر بۆیە پێویستە سیاسەتێکی گشتی زانــیاری هەبــێت, بۆ ئەم چەرخە, بە تایبەت لە جیهانی سێهەمدا, گەرچی جیهانی سێهەم لە ڕووی پیشەســازی و ئەلکترۆنــی و پیشەســازی نوێــیەوە زۆر هەژارن, بەڵام بیرمان نەچێت لە ئێســتادا پێشــکەوتوترین تەکنەلۆژیا, دواکەوتوو ترین وڵاتی جیهانی سێهەم دەبەستێتەوە بە هەمــوو جیهان و زل هێز ترین و پێشکەوتوترین وڵاتەوە, هەر بۆیە پرۆگرامێك بۆ ئەو سیاسەتە پێویســتێکی گەورەیە بە تایبەت کە سەرجەم تەکنەلۆژیای پەیوەندی کردن جگە لە کۆمپیوتەر ســەرکەوتنی مەزنیــتان بــە دەست هێناوە لە هەموو گەورە و پچوکەکانی بواری ژیاندا, وەکو

ئــەوەی تەکــنـەلۆژیای ئەلکترۆنــی گــۆڕاوە بــۆ فۆتۆن، دەنگی گۆڕاوە بۆ ژمارەیی، یان هەندێ تەکــنـەلۆژیا کە بە نێگەتیفیەیەك ئاڕستە ناوزەد کرابوون گۆڕاوە بۆ پۆزەتیفی دوو ئاڕاستە، لە شفرەی زمانی ئینگلیزیەوە گۆڕاوە بۆ کۆمەڵێ زمانی جیهانی..

دەکــرێ لــە داهاتــوودا کۆمپــیوتەریش وای لێ بکــرێت تەنها ئەو زانیاریانە نەگرێتەوە کە خــراوەتە ناویەوە و پێی پەروەردە کراوە، واتە گەڕانەوەی بەرهەم هێنان، بەڵکو دەکرێ خۆشی داهێنانــی هێندە گەورە بکات کە زۆر لەو ئاوەزو بیری مرۆڤیش بە تواناتر بێت... خۆ سەبارەت بــە کۆمپــیوتەریش بــەر لــە دەرکەوتنی بە (15) ساڵ زانای بیرکاری (ئالان تورنگ) پێشبینی دەرکەوتنــی کۆمپــیوتەری کــردووە، بــەوەی کە دەڵێ، دەکرێ ئامێری زۆر پێشکەوتوو دروست بکرێت کە بتوانێت لە مرۆڤ خێراتر شیتەڵی واقع بکات، بیست و پێنج سەدەش دەبێت بیریاران هەوڵــی خســتنە ڕووی پێشبینێکی باوەڕپێ کراو دەدەن لەسەر بیر و هۆشی مرۆڤ و چیەتی ئەو زانســتەی مامەڵــەی لەگەڵــدا دەکــات، ئیتر بۆچی ناکرێ وزەیەکی وا لە وزە و توانا و عەقڵی مرۆڤەوە بێت، وەکو چۆن ئامێر هەیە کە هەندێ نەخۆشی دەدۆزێتەوە کە پزیشك ناتوانێ پێی بگات و بیدۆزێتەوە ...

لــە تەکــنـەلۆژیادا نــەك ئــەوە دەکرێ هۆشمەندی دەست کرد لە ڕێگەی کرۆماوماتەوە لە مــرۆڤدا دروســت بکــرێت، با ئەم گریمانەیە بچێنرێت بۆ زهن و بیرمان نەچێت کە کۆمپیوتەر و ئینتەرنــێت چــەند لایەنێکــی خــراپ نێگەتیفی هەیە، ئەگەر بە شێوەیەکی دروست مامەڵەی لەگەڵــدا نەکــرێت وەکــو ئــەوەی ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێك (کۆرسی شیاو) و دروست لەسەر کۆرســی پشــتی کۆمپــیوتەر دانەنیشــێت و باڵت دانەنێت پەیمانگای بەڕێوەبردنی بەریتانی دەزگــای (BBB) ی تەندروســتی لــە ڕاپۆرتێکــی هاوبەشیدا ڕونیان کردوەتەوە کە ڕاکردن و بە دواداچوونی زۆری زانیاری لە ئەنتەرنێتدا دەبێت بەهۆی دروست بوونی پاڵەپەستۆ لە مرۆڤدا و ئەو جۆرە پاڵەپەستۆیەش کە دواجار مەترسی دەبێت بۆ سەر ژیانی، بۆیە دەبێت ڕۆشنبیرێکی نوێ بدۆزرێتەوە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئینتەرنێت دا، لەوانەش : -

- بەستنی ئەو پۆستە ئەلکترۆنیەی ئاگاداری هاتنی پەیا دەکات.
- تەنها ڕۆژی دووجار سەردانی پۆستی ئەلکترۆنی بکرێت.
- خێرا نێرەر ( المرسل) ئاگادار بکرێتەوە کە نامەکەی گەیشتوە.
- ڕاستەوخۆ وەڵامی پەیامەکە نەدرێتەوە ، بەڵکو هەڵبگیرێت بۆ کاتێکی دی.

ئەگــەر ئەو کەسەی مامەڵە لەگەڵ ئەنتەرنێت دەکات سوور بێت لەسەر ئەوەی ڕاستەوخۆ وەڵام بداتەوە ئەوە دەبێ بەهۆی مەترسێکی گەورە لەسەر نووسەرەکە.

جێگەی ئومێدە، لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیا مەزنانە و لە تەك ئەو ڕۆشنبیری نوێی زانــیاری و پەیــوەندی کــردن و هۆکارەکانــی فەراهەم هێنانی کە سەرەکیترینیان کۆمپیوتەر و ئینتەرنێــتە شــتێکی گــرانە، چــونکە وەکــو پێشــتر باسمــان کــردوە لەلایەن مامەڵە کردن و بەکارهێنانــی بــە هــەردوولا ئیجابی تەندروستیش ڕۆشنبیریەکی بالای دەوێت، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێك ژنی کوردی لێ بێ بەشە لە گرنگترینیان:

- مامەڵــە نەکــردن لەگەڵ ئەو ئامێرانەدا خوێندەوارێکی بەرزی دەوێت و بەشێکی زۆری

ژنــی کــوردیش نەخوێــندەوارە یــان خوێندەوارێکی مام ناوەندی هەیە کە بەکەڵکی مامەڵەی سەردەم نایەت.

- لایەنــی ئابــوری کۆســپێکی گەورەیــە، کــە لەبەر ئەوەی ژنی کورد لایەنی ئابوری زۆر سنوردارە خوێندەوارەکانیشی ناتوانن ئەو ئامێرانە بەدەست بهێنن و کاری لەسەر بکەن.

- لایەنــی زمانەوانی کە شفرەی زمانی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی پەیوەندی کردن، زمانی بێگانەن نەک کوردی و ژنی کوردیش شارەزایی زمانەوانی کەمە.

- لــە فەرمانگــە ڕەسمــی و حکومــیەکاندا بــۆ کــاری زانیاری گۆڕینەوە بە تایبەت کارە سیاسیەکان پیاو دادەنرێت و کەمتر متمانە دەخەنە سەر ژن.

- کەمی ژنی پسپۆر لە بواری پیشە مۆدێرنەکاندا.

- لــەڕووی کۆمەڵایەتیەوە هەل بۆ ژن بە تەواوی نەڕەخساوە کە سەنتەر و پەیمانگای کۆمپیوتەر و بەکاری بهێنێت، ئەمەش وا بکات ببێت بە مەکۆی خڕبونەوەی ژنان.

- ترسان لە لایەنی ئاسایشی و یاسایی.

- ژن کــەمتر حــەز بــە لێکۆڵیــنەوە و بەدوادا چوون دەکات لەسەر داهێنانەکانی بواری زانســتی و تەکــنەلۆژی واتە کەمتر پەیوەستی ئەو مەسەلانە کە ڕاستەوخۆ پاپەندی عەقڵە و زیاتر پەیوەستی ئەو مەسەلانەیە کە پابەندی هەستە.

- لەلایەنــە سیاســی و نەتەوەیەکانەوە ژن کەمتر ئەرکی لێپرسراوێتی خراوەتە ئەستۆ، ئەمەش کەمتەرخەمی لەو ڕووەوە لەلا خەملاندووە ... تاد. ئەمە لە کاتێکدا بۆ زۆربەی هۆکارە پــڕ تــوانا و ســەختەکان ڕاناوی مێ (She) یان بۆدانراوە وەکو فڕۆکە و کەشتی و تاد، هەندێك پێــیان وایــە بۆ کۆمپیوتەریش پێویستە ڕاناوی مێ دابنرێت، چونکە کۆمپیوتەر بۆ وەڵامی هەر پرسیارێك چەند وەڵامێکی گونجاوی لایە و وردە و هەمیشە خەریکی سازکردنی کەم و کوڕیەکانە کەچی ژنی کوردیش تەنانەت لەبەکارهێنانیشی مەحرومە.

ئــەو هــۆکارانە و چــەندێتی تر بووەتە هۆی دوورکەوتنەوەی ژنی کورد لەو مەسەلەو کارە مۆدرێنەکان، کە هۆی سەرەکی دروست بوونی ئەو هۆکارانەش دەگەڕێتەوە بۆ نەخوێندەواری و لایەنــە ڕۆشــنبیرێکە، کــە ئەفســوس ئێستا ئامار لە کوردستاندا چەندن و ڕێژەی خوێندەوار و نەخوێــندەوار و پلەکانــی خوێندنــیان چــەندە، کــە بــێ گومان بەبێ 1 مارسیش دەزانرێت کە نەخوێــندەوار و خوێــندنە ســەرەتایەکە بــاڵ بەسەر لایەکەی تردا دەکێشێت، کە خێڵەکێتی و دواکەوتوێتی ئەو نەتەوەیە دەسەلمێنێت، نەتەوەی کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی هەمیشە دەســتی ڕژێمێکــی زۆردار دەســتی ڕەشی خستوەتە گەرووی، چەقاندوێتیەیە کونجە تاریکەکانی دواکەوتوێتــی و دەوارەکانــی عەشیرەت ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیش نەتەوەی کورد گەرچی زۆر بــەهای جــوان و نەرێتــی ســەنگینی هەیــە بەڵام ژن تێدا هەمیشە جەستەیەك بووە بۆ خواستەکانی پیاو، وەکو ئامێرێکی زاوزێ لە پاشکۆی ئەسپەکانی عەشیرەتدا بووە، ئیتر بەرەو پێشــکەوتن بووبێت یان دواکەوتن بە هەردوو چەکی دواکەوتنی مۆدرێن ژن هەر چەوساوەتەوە و لــە ڕووی پێشــکەوتنەوە کورد هێشتا کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵیە و کۆمەڵگای پیشەسازیش نیە نــەك کــۆمەڵگای زانیاری و تەکنەلۆژی نوێ، ئێستا ڕێژەیەکی زۆر کەمی کورد بە شارەزاییەکی

سەرەتاییەوە لەگەڵ پەنجەی یەك دەست تێناپەڕێت، تا هەنوکەش کاری دیار لەلایەن کوردەوە بەڕووە پۆزەتیفەکەیدا لەو لایەنەوە نەکراوە، وە بەحوکمی ئەوەی کۆمپیوتەر کاڵایەکی بەرهەم هێنەرە نەك لەکارکراو ( استهلاکی) و هەروەها زوو بڵاو دەبێتەوە بەناو خەڵکدا هەروەها بەرژەوەندی هاوبەشیش هەیە لە بەکارهێنانیدا، دەبوو ئێستا کاری گەورە تر و خەڵکی پسپۆرتر و چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر لایەنە باشەکانی بکرایە و هەوڵ بدرایە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ جێگا کردنەوەی شفرەی زمانی کوردی لەناو کۆمپیوتەردا، کەچی بەکارهێنانی لایەنە خراپەکانی و پراکتیزە کردنیشی بەسەر ژندا لە ئێستاوە بازاڕی بازرگانی گەرم کردوە، وەکو دەبینین بەهۆی هونەری کۆمپیوتەرەوە سەری ئەکتەرە بەناوبانگەکانی جیهان و پاڵەوانی زنجیرە تەلەفزیۆنەکان دەخەنە سەر لەش ولاری کیژە کوردێکی پۆشاك کوردی و بەو هۆیەوە سەرنجی هەرزەکاران ڕادەکێشن کە پاڵەوانەکانی خەیاڵیان بە پۆشاکی کوردی و کەلتوری خۆیەوە بە هەر نرخێك بێت لە بازاڕدا بکڕێت، ئەمە لە کاتێکدا هیچ پرس و ڕایەك لەو کچانەوە وەرنەگیراوە کە ئایە ڕازین وێنەکانیان بچێتە بازاڕی فرۆشتنەوە یانا، لەلایەکی دیش هەموو کارێکی بازرگانی بە پێی بەڵێنامە قەرەبوو دەکرێت، ئایا ئەو کچە کوردانەی سەروچاوێکی بێگانەیان بۆ دانراوە و دەفرۆشرێن هیچ پارەیەکیان وەرگرتووە، بۆ ئەوەی ئەوانیش وەکو دەزگایەك بەڵێندەر یان فرۆشگایەك سوودی لێ ببینن یان لە قازانجدا هاوبەش کراونەتەوە، بێ گومان نەخێر، نەك هەر ئەوە بەڵکو بە سیمای و ڕەنگی جل و بەرگەکاندا پێدەچێ ئەو وێنانە، وێنەی کچانێکی گوندنشین و دەرەوەی شار بن، کە هەرگیز بەو مەسەلەیە نەزانن و بشزانن کۆمپیوتەر چیە، یان دەتوانرێت کاری بەو جۆرەی پێ ئەنجام بدرێت.

بە ڕاستی دەرکەوتنی ئەم دیاردانەش جگە لەوەی هەستی لێپرسراوێتی مرۆیی و نەتەوەیی ئەو خاوەن پیشانەیە تەنها بە عەقڵێکی بازرگانی بیردەکەنەوە، هەست بە بەرپرسیاریەتی یاسایی نەکردنیشە، نەبوونی یاسایەکی تایبەت بۆ چاودێری کردنی ئەوکارانەی کە بە ئامێری تەکنەلۆژیایپێشکەوتوو نوێ دەکرێت. نەنگێکی گەورەیە و کێشەی گەورەتریش دروست دەکات، چونکە ئێمە لە ڕووی سەرجەم پێشکەوتنە ژیاریەکانەوە وەکو گوتمان کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵین، واتە هێشتا قۆناغی پیشەسازیمان لە نێواندا ماوەی هەتا دەگەین بە زانیاری، بەلام لە ڕووی وروژاندنی گەنجانەوە بە فاکتەرە سێکسیەکان وەکو پێشکەوتووترین وڵات بجوڵێینەوە شتێکی نەشیاوە بۆ ئێمە و داب و نەریتی کوردەواری. ئەمەش خواستی کۆنە خوازی ناگەیەنێت، گەرچی ئەو دیاردەیەش بۆ خۆی کۆنە خوازیە، چونکە لەلایەك سوودی هەڵە وەرگرتنە لەو زانیاریەی هاتوەتە بەردەست و لەلایەکی دیش هیچ کام لەو کچانە و خێزانی و کۆمەڵگای ئەو کچانە ئەوەیان لاپەسەندنابێت، چونکە کچی کورد بازرگانی بەخۆیەوە ناکات و ناشتوانن بە ئازادی ئەوە بکەن، هەر کردەوەیەکیش بە ئازادی نەکراو لەگەڵ نەریتی کۆمەڵگا ئەگەر هاوتەریبیش نەبوو نزیك نەبێت بە لادان دەدرێت لەقەلەم، لەگەڵ ئەوەی نەبوونی یاسای تایبەت بۆ بەکارهێنانی هۆکارە تەکنەلۆژیەکان و بواردان بەو جۆرە ئاکارە ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی بە ئینتەرنێت ئەو کارە بازرگانیە سێکسیانە ئەنجام دەدەن، بۆ نمونە وەکو لەو دواییەدا ناحەزانی و ئیرەیی بەرانی ئەستێرە بەناوبانگەکانی جیهانی سینەما و هونەر لە ڕێگەی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتەوە وێنەی هەندێ لە گۆرانی بێژەکانیان ڕووت دەکردەوە و

دەیانخستە ئەنتەرنێتەوە بۆ زرانی ناو ناوبانگیان, ... بەڕاستی ئەو تیرەیەی لە نێو ناوەندە ڕۆشنبیریە کوردەکاندا هەیە زۆر لەوان زیاترە و یاسا و سنوربەندیش بۆ ئەو جۆرە لاسایی کردنەوانە دانەنرێت, هەموو ئەوانە لێرەش دووبارە دەبنەوە بە تایبەت ئەوانەی کە سەری بێگانەیان خراوەتە سەر وێنەکانیان دەتوانرێت ئەوەیان لەگەڵدا بکرێت بەبێ ئەوەی خۆیان بزانن یان گەر یاساش هەبێت, بەڵگەی بینراو بخرێتە ڕوو, کە دیارە نەتەوەی هۆشیار دەبێ ئاگای لەوە بێت بە ئەزموونە نێگەتیڤێکانی نەتەوەکانی تردا نەڕوات و بن بەستیان بکات و هەوڵ بدات لایەنە باشەکانی وەربگرێت, بۆ ئازادی و سەربەرزی ژنی کوردیش پێویستە ئەو خاڵانەی کە لایەنی لاوازی و نەخوێندەواری ژنن, بگۆڕدرێت بۆ پێچەوانەکەی, هەوڵی ڕەخساندنی هەلێکی باش بدرێت بۆ بەشدار بوونی ژنان لە تێگەیشتن و فێر بوون کارکردن لەو شۆڕشە نوێیەدا و خوێندەواریش بکرێت بە پێگەیەکی پتەوی ئەو مەبەستە بە بنە بڕکردنی نەخوێندەواری.

## شۆڕشی زانیاری و جەنگی ساردی وشەکان

جەنگی هەموو شۆڕشێکی زانستی و ئایدیای سەرەتا هێزی وشە دەکرێت, ئەگەر ئەو وشەیە وەکو خۆی و بە پێی زانیاریەکی دەوڵەمەند ڕاڤە بکرێت, دواییەکانی ئەم سەدەیەش کۆمەڵێ وشە هاتونەتە ئاراوە کە وشەی زۆر قەبە و بەهەیبەترە, واتە ئەو وشانەن ئاماژە بۆ باڵا دەستێکی ڕەها دەکەن, بۆ نمونە ئەگەر لە سەدەکانی ڕابردوودا بگوترایە ئەمریکای پێشکەوتو, ئێستا دەگوترێت ئەمریکای زل هێز, جگە لە کۆمەڵێ وشە کە سەروبەندی هەموو توێژینەوە و نوسینەکانی ئەم سەردەمەی گرتوەتەوە کە هەندێکی لای نەتەوەی ئێمە وا دەزانرێت خۆی ڕاڤەیە, مەدلولێکی تەواوی بەخشیوە, بەڵام لە بنەمادا پێویستی بەڕاڤەیەکی تەواو کامڵ هەیە... بە تایبەت بۆ نەتەوەکانی جیهانی سێهەم, چونکە ئێمە ئەو وشانە تەنها لە ڕێگەی پێشکەوتنە مەزنەکانی جیهانی تەکنەلۆژیا و زانیاریەوە بۆمان دەگوێزرێتەوە و دێتە ناو پرۆسەی ژیانمانەوە و کەمتر هەڵقوڵاوی واقعە کۆمەڵایەتێکەن, ئەوانەشی لە ڕێگای ئایدەلۆژیایەکی تایبەتەوە (تصدیر) کراونەتە ناو کوردستان, لێرە بەپێی ئاستی بەرژەوەندی ڕاڤەی بۆ دەکرێت, بۆ نمونە کۆمەڵێك لەو وشانەی ئێستا کەوتونەتە نێو فەرهەنگی ڕۆشنبیری کوردییەوە زیاتریان ئەمانەن:

بە جیهانی بوون ــــــــ

شۆڕشی ـــــــــــــــ

تەکنەلۆژی

دیموکراسیەت ــــــــ

ئازادی ـــــــــــــــ


دکتاتۆریەت ـــــــ

ئیسلامی سیاسی ــــــ

حزبی ئیسلامی ـــــــ

ئەم وشانە و چەندین وشەی تری داتاشراو خراونەتە نێو هەموو بوارەکانی ژیانی

ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە و بۆ بەرزترین و نزمترین ئاست دەبرین و هەر ڕاگەیاندن و دامەزراو و دەزگایەك بەپێی بەرژەوەندی باگراوندی ئایدیۆلۆژی پەیڕەوکراوی خۆیان گوزارشتی لێ دەکەن و ڕاڤەی دەکەن, گەرچی وشەکان لە ناوەرۆکدا هەریەك واتا و پێناسەیەکی جیاواز لە خۆبگرن, واتە ئەو وشانەی وا دەزانین خۆیان ڕاڤەن بۆ مەبەستێکی دیاری کراو, پێویستە ڕاڤەیان بکەین و لادانی کەناڵەکانی پەیوەندی کردن و زانیاری گەیاندنیش لەو مەسەلەیە جگە لە چەواشە کردنی خەڵك هیچی دی ناگەیەنێت, بۆ نمونە ئەگەر لە ناو ئەو وشانەدا وشەی دیموکراسی وەربگرین کەڕایەکی زۆر وەردەگرێت بەلاّم لە کورتترینیاندا جگە لە ئازادی دەتوانین بلێین لەولاتانی دیموکراسی و پێشکەوتودا , دیموکراسیەت واتە لە هەموو شتێك بپرسێت و ڕامان هەبێت بۆی بۆ ئەوەی سنوور نەبەزێنێت, بەلاّم لە کوردستاندا و لە جیهانی سێهەمیشدا واتە بە ئارەزووی خۆت هەموو سنورەکانی چاك و خراپ ببەزێنێت بە بێ ئەوەی کەس لێت بپرسێت و سنورت بۆ دانێ, کەواتە ئەو ووشەیە ڕەسەنایەتی هێزی خۆی لە دەست داوە, چووەتە نێو جەنگێکی ساردی نێوان ڕۆژئاوای نێرەر و ڕۆژهەلاّتی وەرگر, ئەمەش وەك ئاماژەی پێ کرا لەبەرئەوەیە کە ئەو وشانە لە واقیعی کۆمەڵایەتیەوە وەرنەگیراوە, بەڵکو لە شێوەی بەسوود وەرگرتن لە ڕێگەی هۆکارەکانی پەیوەندی کردن و زانیاری گۆڕینەوە و لاسایی کردنەوەش هاتووەتە ناو جیهانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمە, چونکە هەر وشەیەك وەکو واقعێك خۆی بسەپێنێ و کۆمەڵێ شتی واقیعیش بشارێتەوە, ئەو وشەیە نابووتو کەڕوو گرتووە, نابێ ئەوەمان بیر بچێت کە لە جەنگی وشەکاندا ژنی کوردیش بێ بەش نەبووە، ئەویش زیاتر پاش ڕاپەڕین و ئازادی کوردستان دەست پێ دەکات, کە یەکەم هەنگاوی ئەو ئازادیە بەفرە حزبی دەستی پێ کرد, لە ناو حزبەکانیشەوە فرە ڕێکخراویی بۆ ژنان و لەلای ژنانیشەوە فرەناوی بۆ خۆیان و ڕەگەزی خۆیان و چونیان بۆ نێو ململانێی وشەکان لە پێناوی ململانیەی حزبایەتیدا, بە ڕادەیەك گەر کەسێ بیەوێ نەچێتە چوارچێوەی ململانیەی دووەمەوە وشەی (مێینە) یان (مییەتی) بەکاردەهێنێ کە تەواو وەردەگێڕ دراوی ووشە (انوپە) یە کە بەکارهێنانی نەشیاوە لە هەندێ ڕستەدا:




لێرەدا دەردەکەوێت کە ژن تەنها وێنەکەی بۆ بازرگانی بەکارناهێنرێت, بەڵکو تەنانەت ناوەکەشی بۆ بازرگانی سیاسی بەکاردەهێنرێت, لەبازنەیەکی داخراودا تا ڕاددەیەك دەسووڕێتەوە کە دەبوو ئەو کۆمەڵە لەناو خۆیاندا ڕازی نەبونایە بەچەندین ناو ڕیزبەندی بکرێن, چونکە چارەسەرکردنی کێشەی ژنی کورد (ئەگەر مەبەست کێشەی ژنان بێت) بە فرەناوی و فرە ڕیزی نابێت بەڵکو بە یەکبوونی ڕیزەکانیان دەبێت, نەك چەند وشە کە چەندین ڕاڤەی بۆ داتاشرێت لە واقعیشدا هەمووی بە یەك ڕاڤە لە خۆ دەگرێت کە ڕزگار کردنی بونەوەرێکی چەوساوەیە وەکو گوتیشمان سەلماندنی وشەیەك وەکو واقع و لە بنەماشدا چەندین شتی

واقعــی بشارێتەوە جگە لە نابوت بوونی وشك کە هیچی دیکەنیە, بەم پێیەش ناوی ژن لە نێو ململانیە و جەنگی ساردی وشەکاندا نابوت کراوە.

## ڕاگەیاندن و شۆڕشی زانیاری

ڕاگەیانــدن گــرنگترین پێداویســتیە بــۆ بەدەســت هێــنان بــە هەموو زانیاریە ئاشکراو نهێنــیەکان و بــە مەســەلە ئاڵۆزەکانــی بنیاتــی عەقڵــی مرۆڤ و بە باوەڕ و ئایدۆلۆژیەکان‌و ڕێکخســتنی کــۆمەڵ, چــونکە ڕاگەیانــدن شتێکی دابڕاو نیە لە مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان, بەو پێــیەش ڕاگەیانــدن زانستی زانستەکانە و بە حوکمی ئەوەی مرۆڤ ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتیە و لە هاتنە بوون‌و سەرهەڵدانیەوە مرۆڤایەتی لەسەر چەند پەیوەندیەکی خێزانی و ژینگەییەوە پێك هاتووە لێرەوە تاك دەبەستێتەوە بە مێژووە کە مێژووی داهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندی کردن و گەیاندنە.

کەواتــە پەیــوەندی کــردن دیاردەیەکــی نــوێ نیــیە و مێژوویەکی کۆنینەو جێگیری هەیە ســەرەتاکەی دەگەڕێــتەوە بــۆ پەیوەندی کردنی مرۆڤەوە بۆ مرۆڤ, لێرەشەوە دەتوانین بڵێین یەکەم کەرەستەی مرۆڤ خۆی بۆ گەیاندنی زانیاری و پەیوەندی کردن زمانە, وە ئەم پەیوەندی کردنەش هەروا بە ئاسانی ساز نەبووە و چەندین قۆناغی بڕیوە.

قۆناغــی نیمچە تاك (الاتصال شبه الفردی) ئەم قۆناغە لە سەرەتا ترین تەمەنی مرۆڤەوە دەســت پــێ دەکات, لێرەدا زانیاریەکانی مرۆڤ دەتوانرێت ببرێتە ئاستی زانیاری منداڵێك, چۆن هەمــوو زانیاریەکانــی سنوردار دەکرێت لە ئاستی خێزانەکەی خۆیدا, زمان و هەست و کەوت و هێماکانی ئەو خێزانە فێر دەبێت, پەیوەندی کردنی لەگەڵ ئەواندا دەبێت:

قۆناغــی پەیــوەندی تــاك یان کەسی : ئەمەش مەبەست لە پەیوەندی خودە, پەیوەندی مــرۆڤ بەخــودی خۆیەوە, وەکو مەنەلۆگ (حوار الداخلی) واتە زانیاریەکانی لەگەڵ خودی خۆیدا تاوتــوێ کــردوە, ئەمەش زیاتر لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە, کە هەموو مرۆڤێك خاوەنی دوو جــۆر بــیر و بــاوەڕە یەکێکــیان لای خــۆی دەپارێزێ و یەکێکیشیان لەگەڵ کێشەی خەڵکدا بەشــداری پــێ دەکات, کەئەوەی دووەمیان زیاتر لە کەسە کۆمەڵایەتیەکان دەوەشێتەوە ئەم جۆرە بەشداری کردنەش گەشەی کردووە هەتا قۆناغی زارەکی هاتوەتە ئاراوە.

قۆناغــی زارەکــی: ئــەم قــۆناغە دەگەڕێــتەوە بۆ پێش زانست و فێر بوون, واتە قۆناغی فیودالیــزم, لــەم قۆناغەشــدا مــرۆڤ بــۆ پەیــوەندی کردن و زانیاری وەرگرتن متمانەی خۆی خستوەتە سەر یادەوەری خۆی بۆ گۆڕینەوە و گەیاندنی زانیاری.

قۆناغــی پەیــوەندی بەکــۆمەڵ (الاتصال الجماعی), لەم قۆناغەدا زیاتر نووسین هاتوەتە ئــاراوە , بــەڵام دیــارە مەبەســت نووســینی وشــەو پیت نیە, بەڵکو هێڵکاری هێماکان واتە نووســینی وێــنەی وەکو تابلۆکانی گلگامش, هەروەها ئەو نووسینانەی بەهۆی دروست کردنی وێنەکەیانەوە خەڵك لێی تێدەگەشت بۆ نموونە (ئەگەر بنوسرایە گوڵ وێنەی گوڵەکە دروست دەکرا) و لە ڕێگەی ئەو وێنەیە مەبەستەکە دەگەیەنراو زانیاریەکان دەگۆڕایەوە .

قۆناغــی پەیــوەندی چــینایەتی (الگبقی): دەتوانین ئەم قۆناغە بەیەکەم قۆناغی زانیاری گۆڕیــنەوە و پەیــوەندی کردنــی نووســراوی پــیت دابنــێین, کــە لەلایەن گۆتەنبەرگەوە پیت

دۆزرایەوە, سەرەتا لەسەر ئێسقانی دەفەی شان و سەعفی دارخورما قورئان نوسراوەتەوە, هەورەها نووسینی یاساکان و دەنگ و باسەکان لە سەر دیواری مەعبەدەکان جگە لە نووسینی سەر خشت ( کە کوردیش لەم جۆرە ڕأگەیاندن و پەیوەندی کردنە بێبەش نەبووە و ئێستا نزیکەی (22) هەزار خشتی سوور لە مۆزەخانەی لەندەن هەیە, کە کۆنترین پاشماوەی کوردە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشورپانیبال) ئەمە و نووسینەکانی حەمورابی بەسەرەتای ڕاگەیاندن و نووسین و پەیوەندی کردن و زانیاری گۆڕینەوە دادەنرێت, بەلاّم وەکو دەرکەوتووە ئەم جۆرە پەیوەندەی کردنە لەلایەن چین و توێژێکی تایبەتەوە بووە, بە تایبەت ئەو چین وتوێژەی سەرووەریەکان و داهێنانەکانی بۆ خۆی گەراندوەتەوە و ململانیەی کردووە لەسەری هەر بۆیە پێی دەگوترێ پەیوەندی چینایەتی لەم قۆناغەشەوە وردە وردە ئەو نەریتی نووسینە گەشەی کردوە هەتا گەیشتوە بەوەی بازرگانەکانی شاری بندقیە هەواڵەکان بە تایبەت هەواڵی بازرگانی بە دەم لە نێوان شارەکاندا بگوێزنەوە, دوایش نووسینەوەی چەند نووسخەیەکی هەواڵەکان بەدەست, بلاّو کردنەوەی لە ناو خۆیاندا و هەندێ جاریش لەناو خەڵکیشدا, ئاشکرایە ئەم جۆرە پەیوەندیەش هەر چینایەتی بووە, چونکە تەنها ناوەندی دەوڵەمەند و بازرگانەکانی گرتووەتەوە , هەتا ئەم قۆناغە گەشەی سەند و هەواڵ وردە وردە دزەی کردە ناو خەڵکەوە, لەوێشەوە قۆناغی پەیوەندی کردنی دی هاتە ئاکام کە پێی دەگوترا پەیوەندی جەماوەر.

قۆناغی پەیوەندی جەماوەری: سەرەتای ئەم قۆناغەش لە ڕادێوە سەرچاوەی گرت, دیسان ئەم ڕادیۆیەش سەرەتا بۆ چین و توێژێك بوو چونکە ببو بەڕادیوی پڕوپاگەندە, یاخود پێی دەگوترا (ڕادیۆی ڕەش) واتە ئەو ڕادیۆیەی لە کاتی شەڕدا خۆی تەرخان دەکات بۆ پڕوپاگەندە, بەلاّم ئەمە زۆری نەخایاند و ڕأدیۆ چووە ناو سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکەوە, کە ئاشکرایە ئەم ئامێرە کەناڵی بیستراوە, بەلاّم بە دوایدا کەناڵە چاپ کراوەکان هاتنە ئاراوە کە بریتین لە ڕۆژنامە و کتێب و لافتە و هەموو ئەو نووسراوانەی بە دیواردا هەڵدەواسرێت, مێژووی کەناڵی نووسراویش وەکو ڕۆژنامە کە ڕاستەوخۆ چوبێتە ناو خەڵك و پەیوەندی دروست کردبێ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1631 و چاپ کردنی یەکەم ڕۆژنامە فەرەنسی لاجازیت (La Guzette) ئیتر لەوێوە درێژ بە خەباتی ڕۆژنامە نووسی درا, هەتا کەناڵی بینراو بوو بە میراتگری قۆناغی دوای ئەو, ئەمە کەناڵە ڕادیۆ نەبێت سەرجەم کەناڵەکانی تریش دەگرێتەوە لەگەڵ تەکنەلۆژیای نوێدا. دەتوانین 2000 هەزار ساڵ پ.ز دەست پێ بکەین کە هەندێ لە ئاینەکان وێنە و خەت و خۆشنووسی بلاّوکردەوە, دوایش بە پەیکەر و پێشانگا و شانۆ و سینەما و تەلەفزیۆن دەستی پێ کرد و لە ناویشیاندا تەلەفزیۆن لە هەمو ئامڕازەکانی دی کارلێکراوو کاریگەرتر بووە و هەتا ئێستاش تەلەفزیۆن بەهێزترین و ڕاستەوخۆ ترین کەناڵی پەیوەندی کردن و گەیاندنی زانیارییە, هەمیشە هەوڵی پێشخستنی دراوە بە تەکنەلۆژیای نوێ, بە هەموو پێوەرەکانیش کەناڵی ئاسمانی دیارترین سیمای شارستانیەتی کۆتایی سەدەی بیستەم بوو, خۆ ئەگەر کەناڵی ئاسمانی ئەو دیاردەیە بێت کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ فینومنییای بە جیهانی بوون, لە هەمان کاتدا هەڵدەستێت بە جیهانی کردنی ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکان, هەر لە بەر ئەوەشە دەبینین هەموو ولاّتان بە تایبەت ئەوانەی هەوڵی هاوچەرخ بوونی ڕۆشنبیریان دەدەن بایەخی تەواو بە

کەناڵــی ئاسمانــی دەدەن و ئێســتا تەنها وڵاتە عەرەبییەکان نزیکەی (500) کەناڵی ئاسمانیان هەیــە, ئــەم دیاردەیــە گەرچــی لای کــورد ســاوایە, بەڵام بەشێکی بچووکیان لەو ڕۆشنبیریە ئیعلامــیە جیهانــیە گرتووە بە هەبوونی (3) کەناڵی ئاسمانی کوردی, وە پێویستە ئاماژە بەوە بکــرێت کــە هەرســێ کەناڵەکە حزبین و ئایدیۆلۆژیایەکی دیاری کراوی داڕێژراو دەنێرێتە دەرەوە نەك ڕۆشنبیریە کۆمەڵایەتیەکە و واقیعی کۆمەڵایەتێکەی, پێدەچێ لێرەوە ئەو پرسیارە ئامادە باشــی بنوێنێ کە کەناڵە ئاسمانیەکانی وڵاتە عەرەبییەکان و جیهانیش داڕێژراوی ئایدیۆلۆژیای دەوڵــەت و سیســتمی دەســەڵاتداران, بەڵــێ بــێ گــومان هەمــوو پرۆژەیەکــی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنــیش یان زانیاری گۆڕینەوە بە تایبەت پێویستە چاودێری لە سەر بێت بۆ دزە نەکردنی شــتە نەشــیاوو نێگەتیفەکانــی ئــەو کــۆمەڵگایە, بەڵام کەناڵە کوردیەکان سێ ئایدەلۆژیای جــیاوازی زۆرجــار دژ بەیەکن, لە چوارچێوەی یەك پرسیاردا, کە جیهان وا دەزانێت لە ڕێگەی ئەو کەناڵانــەوە داوای یــەك پارچــەیی خاکی و بە دەوڵەت بوونی دەکات بەڵام زۆر جار پێچەوانەی دەبینــرێت و گروپە جیاوازەکان هەوڵی دزێو کردنی یەکتریش دەدەن لە بەردەم ڕای گشتی و ڕای جــیهاندا, ئەمــە لــە کاتێکدا ئێمە پێویستمان بە بیری قوڵ هەیە بۆ ئەوەی مامەڵەی لەگەڵ واقــیعدا پــێ بکــەین, یــان بیکەین بە سیستمێك بۆ ئەوەی شێوەی واقیع بەرجەستە بکات, چــونکە لەلایــەك بڵاوبــونەوەی هۆکارەکانی پەیوەندی کردن لە هەر قۆناغێکدا بە بەردەوامی پێویســتی بــە دابــین کــردن و نــوێ کــردنەوەی ئابورێکــی خەست و چڕ هەیە, بۆیە کۆمەڵگا هاوچــەرخەکان نوێ کردنەوەی ئابوری بۆ نوێ کردنەوەی ڕۆشنبیری زانیاری بەکاردەهێنن, چونکە ئــەو زانیاریانەی ئیدارەی کۆمەڵگای پێ دەکرێت پێویستە هەمیشە لەگەشەکردندا بێت, تەنها چینی سەرمایەداریش زانیاری لە بەرژەوەندی خۆی و چینی دەسەڵاتدار بەکاردەهێنێ, چینەکانی دی ئــەو ئاکارە وەلاوە دەنێن, لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگای کوردی لە ڕووی هۆشیارییەوە خەریکە وای لێ بــێت لە وشە ئاڵۆزەکان بگات, ڕاڤەی ڕووداوە سیاسیەکان بکات لە غیابی ڕادەربڕیندا، ئاڵــۆزەکان بــەو واتایــەی ناکرێ لە دیاردەیەك تەواودا ببینرێن و پشت گوێ بخەین لە پێناوی تێگەیشــتندا, ئــەوە تــەواو پێچەوانەی مەبەست دەگرێتەوە, پێویستە پەیوەست بکرێت بە ئــەنجام و جمگە سروشتیەکانەوە, ئەوەی ئاڵۆزە لە مەسەلەی ڕاگەیاندن و پەیوەندی کردندا, ڕێگــا نەدانێتــی بــە دابڕانــی لە مەسەلەی کۆمەڵایەتیەکان و مەسەلە ئایدەلۆژیەکان و بیر و هۆشــی مــرۆڤ, کەواتــە ئایدەلــۆژیای زانیاری و پەیوەندی کردن بەشێکە لە سەرجەم بنیاتە ئایدەلــۆژیاکە و جیانابێــتەوە پێداویســتیەکانی ئــەو قۆناغەی لە خۆگرتووە, ئایدەلۆژیاش لە ڕوانگــەی ڕاگەیاندنــەوە سیستمێکی ئایدیاییە دروست کراوە بۆ سازکردن و وەرگرتنی هەواڵ و ڕەت کــردنەوەی, خــۆ ئەگــەر ئایدەلۆژیایەکی تیوری بوو, ئەوە بە ڕووی ڕاگەیاندندا کراوەیە و هاوتەریب نابن و دەتوانێت بیخاتە ژێر پرسیارەوە, خۆ ئەگەر ئایدەلۆژیایەکی مەزهەبی بوو ئەوا بــە ڕووی سەرجەم ڕاگەیاندندا داخراوە و دیسان هاوتەریب نابن و ئایدەلۆژیای سیاسیش زیاتر مەزهەبــە نــەك تــیور, بە حوکمی ئەوەی ڕاگەیاندن و سەرجەم هۆکارەکانی پەیوەندی کردن و زانــیاری گۆڕیــنەوەی کۆڕی حزبین واتە ئایدەلۆژیای مەزهەبین و بەڕووی سەرجەم ئایدەلۆژیای کــۆمەڵگادا داخراوە تا ڕادەیەکی زۆرکەم هاوتەریبن, ئەمەش بەو واتایە نایەت کە ئایدەلۆژیای سیاســین دوور بــێت لــە سەرپەرشتی کردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن, چونکە بە تەنها داهێنانی

تەکنەلۆژیا کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە نابات، بەڵکو کۆنترۆڵ کردنی ئەو داهێنانە و مامەڵە کردن لەگەڵیدا دەتگەیەنێت بەمەبەستی ململانیە کردن لەگەڵیدا، بەلاَم پێویستە کۆنترۆڵ کردنەکان بەو واتایە بێت کە ڕاگەیاندن بێ دوو دڵی دڵەڕاوکێ دووربخاتەوە و ئارامی جێگیر بکات، بەلاَم ئەو ڕاگەیاندنەی هەمیشە هەوڵ دەدات لە هەگبەکەیدا (مفاجأە) یەکی تێدا دەربخات بە پێچەوانەوە، ئەو دڵەڕاوکێیە دروست دەکاتو متمانەی توانای مەزەندە کردنمان بۆ واقع ناهێڵێ خۆ ئەگەر چاودێری لەسەر ڕاگەیاندن هەبێت بۆ ساغ کردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە دەبێ بەهۆی دڵەڕاوکێ و بە دەست هێنانی ئەو زانیاریانەی کە ئارامی جێگیر دەکات، کە دەبوو پێچەوانە بێت، چونکە تەکنەلۆژیا ئەو ولاَتە کە دروستی دەکات یان دابەشی دەکات دەبێ بە خاوەنی قسەو کۆنترۆڵی بارودۆخەکە دەکات و لە هەموو کەس زیاتر سوودی لێ دەبینێ لە ڕووی وەرگرتنی زانیارییەوە، ئەوانەش وەری دەگرن یان بۆیان دەنێرێت تەنها کۆنترۆڵی بەڕێوەبردنی لە ئەستۆ دەگرێت لێرەوە دەتوانین بلێین ئەو پەرش و بلاَوییەی بە ڕاگەیاندن و بلاَو کراوەی کوردییەوە دیارە لەلایەك نەبوونی ئەو بەڕێوەبردنەو لەلایەکی دی زۆری ڕاگەیاندن دیاردەیەکی شارستانیە و شۆڕشی ڕاگەیاندن و پەیوەندی کردنی ئەوروپاش سەرەتا هەروا دەستی پێ کردووە، چونکە کاتێ ڕۆژنامە بە تەنها هی حزب یان دەسەلاَت، دەوڵەت دەبێت کێ بەرکێ (منافسە) لە ڕاگەیاندندا نامێنێ، بۆ ئەوەی کێبڕکێ بوونی هەبێ پێویستە چەندایەتێکی ڕاستەقینە لە سەرچاوەکانی ڕاگەیاندندا هەبێت، لێرەشدا زانیاری هەواڵ هەندێ جار دەبێ بەهۆی ڕاست ودروستی و هەندێ جاریش چەواشە کاری لەبەرئەوەی لەو بارەدا زانیاری تەنها لای دەوڵەت دەبێت و ڕأگەیاندنەکانی تر سوودی لێ نابینین، وە ڕاگەیاندنی حزبی و ڕاگەیاندنی بازرگانی کۆمەڵێ خەسڵەت و بنەمای ڕاگەیاندنیان لە دەست داوە کە مرۆڤ دەتوانێت وانەکانی واقیعی لێوە فێر بێت، ئەو دەست بەسەرا گرتنەش لەلایەك دەسەلاَتدارەوە شتێکی لاوەکییە ئیتر دەسەلاَتی سیاسی بێت یان دەسەلاَتی بازرگانی، چونکە ئەوانە پێویستیان بە ڕاگەیاندنیساختە وناتەواو هەیە، ئەمەش تەنها بۆ ئەوە نیە سروشتی ڕاستەقینە خۆیانی پێ بشارنەوە بەڵکو لەبەر ئەوەشەکە سروشتی ڕاستەقینەی خۆشیانی تێدا ئەنجام بدەن، چونکە هیچ سیستمێك ناتوانێت خۆی بەرهەم بهێنێتەوە خۆی ئەمربکات بەبێ بەرهەم هێنانی ئەفسانە و خەیاڵ، بەلاَم دەتوانین بلێین پێشکەوتنی تەکنەلۆژی زۆری ئەو خەیاڵ و ئەفسانە و زانیاری شاردنەوەی ئاشکرا کردووە و دەکرێ لە داهاتووشدا نەتوانرێت پەردە پۆشی هیچ شتێك بکرێت، داهێنانی وابێتە ئاراوە لە ماڵەکەی خۆتەوە پەردە لە سەر ئەو جۆرە نهێنیانە لابەریت، هەر بۆیە زۆری بلاَوکراوە جێگەی نا ئومێدی نیە و کێبڕکێ و بەربەرەکانی لە ڕاگەیاندندا پێویستە، هەروەها بۆ ژیانی دیموکراسی هەر کۆمەڵگایەکیش هەر پێویستە، چونکە مەسەلەی ڕاگەیاندن دەبێ بخرێتە چوارچێوەیەکی کۆمەلاَیەتی سیاسیەوە چونکە ڕاگەیاندن تێڕامانە بە ڕووی جیهاندا و دوایش لە تیور دەرکردن و پەراکتیزە کردنی بەڕووی مەسەلەی کۆمەلاَیەتی و سیاسیەکاندا.

ڕاگەیاندن —————— تیور —————— تێڕامان

—————— پراکتیك

دواجاریش دەڵێین تەنها ڕاگەیاندن گرنگ نیە، بەڵکو گرنگ ئەو سیستمە عەقڵی و

سیستمە ئایدەلۆژیـیە یـە کـە سـتراتیژی ڕاگەیانـدن دەسـت نیشان دەکات و واتای پێ دەبەخشێت.

## ژنی کورد و ڕاگەیاندن و پەیوەندی کردن

سـەرجەم پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری ژیاری بەپێی پێشکەوتنی ژن و ئازادی ژن دەسـتە بـەر دەبـێت، بەرفراوانـی سـەروەریەکان و باڵابوونی ژنیش بنەمایەکی گشتیە بۆ هەمـوو پێشـکەوتنە کۆمەڵایەتـی و تەکـنەلۆژیەکان، هەڵـبەت لـە هـەر وڵاتـێکدا بەپێی سیسـتمەکەی دیموکراسـی بێت یان بیرۆکراسی و دواکەوتوو لە ڕوانگەی فەلسەفەو بۆچوونی عەقڵـی خـۆیان لـە چـونیەتی گەشەکردنی بوارەکانی ژیان دەکۆڵنەوە وکاریگەری لەسەر چین و توێژەکانی کۆمەڵ دادەنێن.

بەشـدار کردنـی ژن ئێجگار کەمە لە ئاستی سیاسی وبەڕێوەبردنی دەسەڵات و ڕاگەیاندن، دیارە ئەوەش بە پێی فەرهەنگی سیاسی وکەلتوری وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکـی دی دەگۆڕێت، بەڵام بە گشتی ئەو بوارانە لەلایەن پیاوانەوە پاوان کراوە، چونکە هەتا دوای جەنگـی جیهانـی یەکەمیش تەنها کونزو ڕۆسیە لە ساڵی 1791 لە نێوان پیاواندا داوای مافـی سیاسی و خوێندن و زانست و باڵابوونی ژنانی دەکرد، لەبەر ئەوەی هەمیشە ژنان وەکو بەشێك لە سەرمایە و هێزی کار بەهۆی ڕێکەوتنامەی جۆراوجۆرەوە کەوتنە خزمەتی پیاوانەوە.

بەشـدارنەبوونی ژنـی کـوردیش لـە بواری ڕاگەیاندن بۆشاییەکی گەورەی خستووەتە نێو مـێژووی ڕۆژنامەوانـی کوردیـیەوە، هـەر لـە سـاڵی 1898 تا هەنوکەش جۆرێك لە ڕێگری و سـەلمێنەرە بەرامـبەر بـە ژن دروسـت کـراوە، چونکە لە داب و نەریتی خێڵەکێتی کوردا ژنی ناوردارو چاك ئەوەیە گوێ ڕایەڵ و گوێ لە مست بێت و خزمەتکاری کەسانی تر بێت کە خزمەت دەکـەن ئەوانـیش ڕەگەزی پیاون، نەك خۆی خزمەت بکات، ئەم ڕێگریەش بە تەنها لە بەشدار بـوون لە کاری ڕۆژنامە نووسی و هەڵبژاردنی ئەو بوارە وەکو پیشەی بێبەشی نەکردوە، بەڵکو لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکان دا داکۆکی لە ماف و باسی مەسەلەی ژن نەکراوە، بەو بەڵگەی دەرئەنجامـی پشـکنین و بە دوادا چونمان لە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان) هەتا ساڵی چلەکان لە نێوان (19) ڕۆژنامە و گۆڤاردا کە لەو ماوەیەدا دەرچوون، جگە لەسێ ڕۆژنامە و گۆڤار کە ئەوانیش ڕۆنامەی (ژیان) لەساڵی 1926 دەرچووە، وتاری لەسەر بنبڕکردنی نەخوێندەواری و چەسـپاندنی مافـی ژنـی تێدا بووە لەگەڵ ڕۆژنامەی (زاری کرمانجی) لە ساڵی 1926 و گۆڤاری یادگـاری لاوان ساڵی 1934 ئەم دوانەش دروستی وتاریان لە سەرمافی ژن بەگشتی و ژنی کورد بـە تایبەتـی نوسـیوە و بـڵاو کـردوەتەوە، جگە لەو سێ بڵاوکراوەیە کە ڕاستەوخۆ ئاماژە و گوزارشـتیان لـە خواسـت و کێشـەی ژنی کورد کردوە لە نێوان ئەو نۆزدە بڵاوکراوەدا، مەگەر بەشـێوەی مـەجاز لـە ڕێگـەی شـێوە دەربڕینـی شاعیرە کلاسیکیەکانەوە، یان وەکو ڕۆمانی (نـازدار)ی محمـەد عەلی کوردی کە لە گۆڤاری ڕوناکیدا لە ساڵی 1935 دەرچووە بڵاوکراوەتەوە، ئـەو ڕۆمانـەش گوزارشـت لـە ژیانی ژنانی کوردی گوندنشین دەکات، کە ئەمانەش خۆیان لە چوارچـێوەی کـاری ئەدەبـی و داهێناندا دەبینێتەوە، نەك داواکاری ڕاستەوخۆ،ئەو ڕەوشەش هەروامایـەوە، چونکە نەشیاوە لە سەردەمی ڕژێمدا ڕۆژنامەنووسی کوردی هەرچیەکیشی بۆ ژن کـردبێت بتوانـرێت لەشتی ڕووکەش ولابەلا زیاتر هەڵبسەنگێنرێت، ڕژێمێك کە کیمیایی باران و

ئەنفالی ژنی کردوە, هیچ دەستکەوتێکی بۆ ژنی کورد نەبووە هەتا ساڵی 1989 ژنانی کورد بەکۆشش و خەباتی خۆیان لە شۆڕشی گەلی کوردا کە لە ساڵی 1975 وە هەڵگیرسا, بڵاوکراوەی شاخ، ڕۆڵێکی باشی گێڕا لەهەل و مەرجی سەختی پاش هێرشەکانی ئەنفال و جینۆسایدی کورد, چەند ژنێکی تێکۆشەر و پێشمەرگە کە ئەوانیش (هێرۆ ئیبراهیم، کافیە سلێمان، پەخشان جەلال حەفید، ڕەحمە عەبدوڵڵا، پەری عەلی قەرەداغی، دڵدار، ئەڵماسو ...تاد) توانیان کۆمیتەی بەڕێوەبردنی یەکێتی ژنانی کوردستان دابمەزرێنن و هەر لەو ساڵەشدا گۆڤاری (تەوار) بە دروشمی –ژن- خەبات- ژیان دەربکەن, ئیتر ئەوە بوو بە بنچینەی خەباتی ژنان لە ڕووی ڕاگەیاندن و پەیوەندی کردن و زانیاری گۆڕینەوە لە نێوان ژنانی شاخ و شاردا و خەباتی ئاشکراو نهێنی, ئەم خەباتەش بێ پسانەوە بوو, تەواری شاخ لە شاریشدا درێژەی بەخەباتی ژنانەی خۆی داوەو بە دوایدا کۆمەڵێ بڵاوکراوە و دەنگی ژنانەی تر ڕێچکەی ئەو خەباتەیان گرت، لەوانە دەنگی ژنان, ژیانەوە, یەکسانی, مافی ئافرەت, دەنگی ئافرەت, ئایندە, پەیامی خوشکان, ئەمانە بە خامەی ژنان هاتووتە بەرهەم, بەرجەستەی هزر و خوێندەواری زانست و خەباتی ڕۆژنامە نووسی ژنان بون,... تەنها ئەمانە توانیویانە خۆیان تەرخان بکەن بۆ ژنان, دەنا تەنانەت ئەو ڕۆژنامانەش پاش ڕاپەڕین دەرچوون ئەم ساڵانەی دوایی نەبێت زیاتریان لاپەڕەیەکیان تەرخان کردوە بۆ ژنان سەرەتا هەر بایەخیان پێ نەداوە و دەرئەنجامی پشکنینمان لە نێوان ڕۆژنامەی کوردستانی نوێو دەرچوونیانەوە و لە ساڵی 1992 وە بۆمان دەردەکەوێت کە کوردستانی نوێ وەکو یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ئەم دەڤەرە پاش ڕاپەڕین لە ژمارە سفرییەوە هەتا ژمارە 282 کە 1992/12/31 دەرچووە, تەنها بە (27) بابەت لە بەهرەو سەروەری و کێشەی ژنان نزیك بوەتەوە ئەوانیش تەنها دوو بابەت یان وتار بووە, (25) بابەتەکەی تریان ڕیپۆرتاژ و زیاتریش چاوپێکەوتنی کورد بوون بۆ دوالاپەڕە هەتا ژمارە 1803 کە لە ڕۆژی 1999/2/16 دا دەرچووە لاپەڕەیەکی تەرخان کرد بۆ کێشەی کاروباری ژنان و ئەو مەسەلەیەی بە هەند وەرگرت.

هەروەها ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان وەکو زمانحاڵی حزبێکی پێشکەوتووخواز کە سەرەتا بە (20) ڕۆژ جارێك دەردەچوو دوایش بووبە هەفتانە, ئێمە لە ژمارە پێنجەوە ئەرشیفی ئەم ڕۆژنامەیەمان دەست کەوتووە, کە سەرەتای حوزەیرانی ساڵی 1992 دەرچوو لە ماوەی ساڵێکی تەمەنیدا (88) ژمارەی لێ دەرچووە, لەو ژمارانەشدا (10) وتار و لێکۆڵینەوەی بە پێزی لە سەر مەسەلە و کێشەی ژنان تێدایە و هیچ چاوپێکەوتنێکی ژنان لەدوا لاپەڕەی ئەم ڕۆژنامەیەدا نیە, بەلام دەتوانرێت بە پێشەنگی ئەو ڕۆژنامانە دابنرێت کە لەئەنجام هەنگاوەوە, بایەخێکی باشی بەکێشەی ژن داوە و , لەم ڕووەشەوە زیاتر بایەخی بە وتار و لێکۆڵینەوە داوە و هەتا ئێستاش لەسەر ئەو ڕەوتە هەر بەردەوامە, وە دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان لە سەرەتاوە هیچ بایەخێکی بە ژنان نەداوە و ئێستا زۆر بە دەگمەن ئەو مەسەلەیە بەسەر دەکاتەوە لێرەوە دەتوانین بڵێین ڕاستە بە دەیان ژنی کورد لە سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا جێپەنجەی ڕۆژنامەوانی و توانایان لە زۆر لە پیاوان زیاتر دیارە و دەرکەوتووە... بەلام هێشتا ئەو کارکردن و توانا و بەدەست هێنانی مافی و بڕینی بەشە لە بوارەکانی ڕاگەیاندندا لە ئاستی ئامانج و خواستەکانی ژندا نین ئەوەندەش بەس

نیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژنان, ئەم درەنگ بەدیهێنانەش زیاتر لەبەر ئەوەیە کە ژنان و ڕێکخراوەکانی ژنان هەتا ئێستا نەیانتوانیوە لە بۆچون و ستراتیژی پارتە سیاسیەکان دەربچن, بە یەك ئامانج و ئاراستە کاربکەن لە پێناوی بەرەوپێش چوونی بزوتنەوەکەیان و ئەوکار کردنەش هاوتەریب بێت لەگەڵ بزوتنەوەی بەرەی مەدەنیەت لە پێناوی بەرەو عەقلانیەت بردن و مەدەنیەتی ئەو بزوتنەوانە, لەلایەکی دیش سەرجەم ئەو بلاوکراوانەی ژنان و ئەو بەرهەمانەش لەسەریان دەنوسرێت, بەروارد بەو بزوتنەوە بەرفراوانەی ڕاگەیاندن و کەناڵی پەیوەندی کردنانەی دوای ڕاپەڕینی هاتونەتە ئاکام, کاری ژنان جێگەی خواست و لە ئاستی پێویستدا نیە, چونکە سەرجەم بلاوکراوەکانی ژنان حزبین و ئایدەلۆژیایەکی حزبی باکگراوندێتی بەپێی کۆمەڵیَ سیستەم دەجولێنەوە کەلەلایەن پیاوانەوە دانراوە, لەم کاتەدا ژن دەبێت بەجێبەجێکاری سیستمێکی پیاوانە و جارجاریش سەرکوتەیەك لەگەڵ کێشەکەی خۆیدا دەکات, هەروەها هەتا ئێستا هیچ ڕۆژنامەو نوسینێکی ژن نەیتوانیوە وەك و پیاو لە پرۆسەی پەیوەندی کردن و زانیاری گۆڕینەوە و ڕاگەیاندندا وەکو پیاو سوودمەندبێت, ئەمە وەکو ڕووە چاکەکەی پۆزەتیفی, کەچی لە ڕوو خراپەکەیەوە نێگەتیفی, کە دەبینین ئەوەندەی لە سەر ژنان بە تایبەت ئەوانەی لە بواری ڕاگەیاندن و نوسین دا کاردەکەن دەنوسرێت و سوکایەتی و تەشهیدیان پیَ دەکرێت, کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کراوە بە هۆکارێك بۆ کەم کردنەوەی بەهاوکاری ئەو کچانەی لە ڕاگەیاندندا کاردەکەن ئەوەندە لەسەر ماف و کێشەکەیان نەنوسراوە, دەکریَ ئەمەش پرۆگرامێك بێت لەلایەن هەندیَ کەس یان ڕژێمەکانی دژ بە ژن دابنرێت بۆ سڵەمینەوە و دوورکەوتنەوەی ژنان و ترسان لە بەشدار بوون و هاتنە پێشەوەیان, چونکە ڕاگەیاندن بەهێزترین چەکە بۆ وەرگرتنی ماف و گەیاندنی دەنگی ژن بە جیهان و بیَ دەنگ نەبوونی چەوساوە بەرامبەر چەوسێنەر, کە دیارە لە خێڵەکیترین عەقڵ و سیستمەوە ئەو دیاردە دزێوانە سەرچاوە دەگرێت, بۆیە لە کاتی ئێستادا ڕاگەیاندنەکان پێویستە سانسۆر و بەدوادا چوونیان هەبێت لە سەر ئەو زانیاریانەی دێتە بەردەستیان و بەپێی بەرژوەندی خۆشیان مامەڵەی لەگەڵدا نەکەن, چونکە هەتا ئێستا هیچ کارێکی وا نەکراوە کە نەختیَ ئاسوودەی و متمانە بە ژنانی ئەنفال و شەهید و کیمیایی باران ببەخشێت, ژنی کورد نەیتوانیوە لەو شۆڕشی زانیاری و پەیوەندی کردنە سوودمەند بێت هەتا زەرەرمەندبێت, بە تایبەت لە ئێستادا کە ناتوانین عەیب و کەم و کورتیەکانمان تەنانەت لە ناوخۆی ولاتی خۆماند هەلگرین و بلاوکراوەکان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای نویَ و ئینتەرنێتەوە دەگەن بە جیهان.

**دەرئەنجام :**

ئاشکرایە لە کوردستاندا سیاسەت و ستراتیژی زانیاری ئامادەگی نیە, ئەویش بە هۆی دواکەوتویێتی کۆمەلگای ئێمە بەرامبەر ئەو زانستە مۆدرێنە و بایەخ نەدارە بەو بوارە و نەبوونی دامەزراو دەزگای تایبەت و نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی و نەتەوەیی و دەوڵەت سیاسەتی جێگیری کورد و نەبوونی کۆمپانیا و پەیوەندی و بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ ولاتانی دراوسیَ و دەرەوە دا و لە هەمووشی سەخت تر لاوازی باری ئابووری لە کوردستاندا, لەبەر ئەوەی ئەم لایەنە یەکێکە لە فاکتەرە هەرە گرنگەکانی سەرجەم بوارەکانی کۆمەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و کەلتوریەکانی هەر ولات و نەتەوەیەك, وە گەشە کردنیان بەندە

**بەدەست کەوتنی زانیاری ڕاست و مامەڵەی گونجاو بەڕێوەبردنی دروست ئەنجام دەدرێت، بۆیە پێویستە کوردستانیش ئاوڕی جدی لەم مەسەلەیە بداتەوە لە چەندین ڕووەوە.**

- **کردنەوەی بەشی پەیوەندی کردنی سلکی و لاسلکی زانیاری لەسەرجەم پەیمانگا وزانکۆکانی کوردستاندا.**
- **کردنەوەی سەنتەری تایبەت بە توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەو بوارانە و فەراهەم هێنانی سەرجەم سەرچاوە یاریدەدەرەکان و پێگەیاندن وکامڵ کردنی خەڵك لەو ڕووەوە (بەتایبەت ئەو کەسانەی بەڕێوەبردنیان لە ئەستۆدایە).**
- **دانانی سانسۆر لەلایەن حکومەتەوە لەسەر سەرجەم سەنتەر و دامەزراوە تایبەتەکانی ئەو بوارە لە پێناوی دزە نەکردنی زانیاری ناوخۆی کوردستان، ئەوانەی کە ئاسایشی ناوخۆ تێك دەدەن.**
- **گەشەپێدانی خزمەتگوزاری و لایەنەکانی زانیاری.**
- **هاندان بۆ کردنەوەی سەنتەری ئەهلی .**
- **دانانی یاسایەکی تایبەت بەو بوارانەی کە لە ڕووی یاساییەوە بەرپرسیارەتیان بخاتە ئەستۆ.**
- **بەهەند وەرگرتنی داهێنراوە نوێیەکان و هەوڵ دان بۆ بەدەست هێنانی ئەگەر بەڕێژەیەکی کەمیش بێت، گرنگ ئەوەیە کۆمەڵگای کوردی لای ناوخۆ نەبێت.**
- **بنیاتنان و پتەوکردنی پێوەر و ڕێسا یاسایەکانی هەڵبژاردنی زانیاری.**
- **نەترسان لەوەی کە ئەو شۆڕشە نوێی ڕۆشنبیری کوردی و کەلتوری داگیر بکات، چونکە کورد ئێستا لەسەرەتای دروست کردنی فەرهەنگی ڕۆشنبیریدایە.**
- **خوێندنی کۆمپیوتەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە هەتا دوا قۆناغەکانی خوێندن.**
- **وەلاوەنانی ئەو سیستمانەی کە لە کۆمپیوتەردا کۆن بوون و بایەخ دان بە سیستمی نوێ (هەتا ئێستا لە زانکۆی سلێمانیدا زمانی بەیسك دەخوێنرێت)**
- **هەوڵ دان بۆ پتەو کردنی پەیوەندی نێو دەوڵەتی و هەرێمایەتی.**
- **پێشخستن و گەشەکردنی بواری ئابووری لە ڕێگەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و بەستنی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا.**
- **هەوڵدان بۆ دانانی زمانێکی ستانداری کوردی و جێگە کردنەوەی لە شفرەی کۆمپیوتەردا.**
- **چاکتر وایە جەخت لەسەر ئەو پراکتیزە کردنانە بکرێت کە کۆمەڵگای کوردی پێویستی پێیەتی.**
- **هاندانی ژنان بۆ ڕازی نەبووینان بە خوێندنی مام ناوەندی و بە یەکجاریش بنەبڕ کردنی نەخوێندەواری.**
- **بایەخدان بەکاری ژنان و هەڵبژاردنیان بۆ ئەو بوارانە.**
- **نەبوونی خەڵکی پسپۆڕ لەو بوارەدا کێشەی سەرەکیە و هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی ئەو کوردانەی پسپۆڕن و لە دەرەوە نیشتەجێن و تاد..**

## سەرچاوەکان :


1- **العولمه و التحولات المجتمعيه فى الواگن العربى**

2- **العرب و العولمه**.

3- **اشکال صراعات المقبله – توفلر – ترجمه صلاح عبدالله**

4- **مقدمات الخروج من القرن العشرين / ادخال موران – ترجمه انگوان حمصى**

5- **الواصفات العربيه و التبادل الفگرى لمعلومات د. گلال عبود البياتى, د.وليد جلو.**

6- *( ) **له محازەرەیەکی د. عزالدین مستەفا ڕەسول وەرگیراوە.**

7- **ڕێگای کوردستان ژمارە** 341.